# هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، کوجا مەرحەبا* !!

**دکتور فایق محەمەد گوڵپی**

2006-2-1

**پێش ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئێراق ، حزبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان لە سەر زاری بەرپرسەکانیانەوە ، بە بۆنە و بە بێ بۆنە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ، لە سەر زا ری نوێنەرەکانیانەوە لە لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووردا ، باسیان لە زۆر دەسکەوتی نەتەوەیی کورد لە دووتوێی بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا ئەکرد . یەك لەو دەسکەوتانە کە نوێنەرانی کورد خۆیان پێوەهەڵئەکێشا گوایە لە دووتوێی ڕەشنووسی دەستووردا جێگەی ئەکەنەوە ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو ، کە وەك هێزێکی سیاسی و خاوەن ڕۆڵ و کاریگەری دەبێ دەستووری هەمیشەیی ئێراق دانی پێدابنێت . بەڵام دوای کوتایی هاتنی قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنووس و تەواو بوونی ڕیفراندۆم لە سەر ڕەشنووسی دەستوور ، بینیمان دەستەواژەیەك یان چەمکێك بە ناوی هێزی پێشمەرگەوە لە بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا ئاماژەی پێنەکراوە . تەنها لە مادەی 117 خاڵی پێنجەم دەستووری هەمیشەیی ئێرافدا لە شوێنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوی ( پاسەوانی هەرێم ) هاتووە ، کە سەر بە ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەو سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە نیە (وەزارەتی پێشمەرگە لە دەستووری ئێراقدا نیە ) بەم شێوەیەی خوارەوە :**

**مادەی 117 پێنجەم : حکومەتی هەرێم تایبە تمەندە بە هەموو پێداویستیەکانی بەڕێوەبردنی هەرێم بە تایبەتی دروستکردن و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس ، ئاسایش و پاسەوانی هەرێم .**

**نوێنەر و بەرپرسی حزبە سیاسیەکانی باشووری کوردستان کە لە بەغدا گەڕانەوە ، دەربارەی ئەو پاشەکشێیانەیان لە بەرامبەر دەسکەوتە نەتەوەیەکان هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەدا ، لە سەر بەزاندنی هێڵە سوورەکان لە لایەن نوێنەرەکانی خۆیانەوە لە لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووردا هیچ بەڵگەیەکیان نەهێنایەوە . لەو کاتەوە تا 7-1-2006 لە سەر بابەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێ دەنگ بوون و باسی ناکەن .**

**لە دوای ڕێکەوتنی 7-1-2006- ی نێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان ، جارێکی تر بابەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاتەوە مەیدانەوە . لە بڕگەیەکی ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتیدا کە دەربارەی دانانی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بەم شێوەیە باس لە هێزی پێشمەرگە ئەکات ، ڕێککەوتین لە سەر : پۆستی نوێ بە ناوی جێگری سەرۆکی هەرێم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشان بکرێت ، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش...لە لایەکی ترەوە ڕێکەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتی باس لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەکات کە پۆستی وەزارەتەکە یەك لەوانەیە لە نێوانیاندا دابەشکراوە .**

**لە بڕگەیەکی تری ڕێککەوتنی 7-1-2006-ی نێوان یەکێتی و پارتی دا وا هاتووە : ڕێکدەکەوین بۆ مسۆگەرکردنی دەسکەوتە مێژوویەکانی گەلەکەمان و هێنانەدی تەواوی مافە ڕەواکانی ، چەسپاندن و جێبەجێکردنی دەستووری هەمیشەیی ئێراق و دامەزراندنی ئێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی ڕاستەقینە .**

**هەموو ڕۆشنبیرێك و سیاسەتمەدارێك ئەزانێت لە وڵاتیکی دیموکراتی فدراڵیدا تەنها یەك هێزی سۆپا هەیە ، لەو ئێراقە فیدراڵە دیموکراتە ڕاستەقینەیەشدا کە پارتی و یەکێتی پێکەوە کار بۆ دامەزراندن و پێشخستنی ئەکەن بە گوێرەی دەستووری نوێ تەنها یەك هێزی چەکدار (سۆپای )ی هەیە کە لە مادەی ژمارە 9 خاڵی یەکەم ی دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا ئاماژەی پێکراوە و ناوی پێشمەرگەشی تێدا نیە . دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش ناتوانێت دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان پێشبخات کە لە گەڵ بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا ناکۆك بێت . ناتوانێت یاسایەك تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری هەرێمی کوردستاندا دارێژێت کە لەگەڵ دەستووری ئێراقدا ناکۆك بێت ، چوونکە مادەی ژمارە 13 دەستوورەی هەمیشەیی ئێراق باس لەوە دەکات کە هەر یاسایەك یان دەقێکی دەستووری هەرێمەکان لە گەڵ ئەم دەستوورەدا( دەستووری هەمیشەیی ئێراقدا ) ناکۆك بێت بە پوچەڵ دەژمێردرێت . لێرەدا چەند پرسیارێك خۆیان لە بەردەمی ئەو کەسانەدا ڕاستئەکەنەوە کە گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای گەلی کورد ئەدەن :**

**1. تۆ بڵێی ئەم دوو حزبە هێشتا هەر لە خەیاڵی قۆناغی پێش ڕفراندۆمی ڕەشنووسی دەستووری ئێراقدا بژین و بەو شێوەیەش کاروباری خۆیان بەڕیوەبەرن و بەرنامەی ڕێککەوتن دابڕێژن ؟ ئەگەر وابێت سبەی دوو سبەی جەعفەری و عەمرۆمووسایەك (بە نموونە ) لە شیرین خەوی خەیاڵدا بەخەبەریان ئەهێننەوە و پێیان ئەڵێن بۆ ( مەلیك ماوە )*.**

**2.تۆ بڵێی ئەم دوو لایەنە هەموو هەڵسووکەوتێکیان ، هەموو هەنگاوو بڕیارێکیان وەك جاران لە بە هەڵە بردنی گەلی خۆیاندا بە بەرنامە و زانابوون بێت ، وەك جاران لە بە هەڵە بردنی گەلی خۆیاندا وەستا و شارەزا بن ، نەیانەوێت خۆیان وەك شکست خواردووی دەستووری ئێراق نیشان بدەن ؟!!.بۆیە لەم ڕێککەوتنەدا هێندە بە بایەخەوە ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان هێناوە ، تا خۆیان بە سەرکەوتوو نیشانبدەن . گرنگ نیە ئەم خۆ بەسەرکەوتوو زانینەیان تا کەی بڕئەکات .گرنگ ئەوەیە بەم سیاسەتەیان کڵاوێکی تر لە سەر سەری جەماوەری کوردستان**

دابنێن و ماوەیەك خەڵكی پێوە خەریك بكەن ، چوونكە بەرژەوەندیان وا ئەخوازێت . كلتووری پێشمەرگە و پێشەرگایەتیش لە باشووری كوردستان هێشتا پیرۆزی خۆی لە كیس نەداوە و تا ئەمڕۆش باشترین كاڵایە بۆ بازرگانای سیاسی كە لە لایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە پەیڕەو دەكرێت .

3.هەندێ كەسی تریش وای بۆ ئەچن ئەم دوو حزبە بۆیە ناوی هێزی پێشمەرگە ئەهێنن ، بۆ ئەوەی وەك فشارێك لە بەرامبەر دۆستەكانیان لە گۆڕەپانی ئێراقدا بە كاری بهێنن تا دەسكەوتی حزبی زۆرتری پێ بەدەست بهێنن .

ئەگەر یەك لەم هۆكارانە بەڵگەی ناوهێنانی هێزی پێشمەرگەی (قوربەسەر) نەبێت ، پارتی و یەكێتی چۆن لە ناو دەقی رێككەوتنە مێژووییە جەژنهێنەرەكەیاندا ( خۆیان وتەنی ) برگەی دژبە یەكتر ریز ئەكەن ، لە لایەكەوە ئەڵێن بۆ چەسپاندنی دەستووری هەمیشەیی عێراق رێككەوتووین ، لەو لاشەوە بە برگەی تر باس لە فەرماندە و جێگری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان ئەكەن .

لێژنەی ئامادەكردنی رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئێراق رازی نەبووە دەستەواژەی پێشمەرگە لە برگەیەكی مادەكانیدا جێگیر بكات ، پێش ئەوەی ریفراندۆمیش لە سەر رەشنووسی دەستوور بكرێت ، پارتی و یەكێتی هێندە دەستوورەكە دڵی گرتبوون دەیانوت ئەوی دژی رەشنووسی دەستتور بێت تیرۆریستە . بەم شێوەیە ئەگەینە ئەنجامێك كە پارتی و یەكێتی یان ئەبێ لە گەڵ دەستوور بن یان لەگەڵ بوونی هێزی پێشمەرگە و دژی دەستوور بن . ئەبێ لەو دوو دژبەرە یكێكیان بە راست پەیڕەو بكەن و ئەوی تریان بۆ چەواشەكاری چاوبەستن بێت . ئەو كەسەی چاودێری وردی هەڵویستی سیاسی ئەم دوو حزبەی باشووری كوردستان بكات ، تێدەگات كە ئەمانە ئەوە نین بوێرن لە بەرامبەر ناعەدالەتی دەستووری ئێراقدا بەرامبەر بە دۆزی كورد ، بكۆكن ، ناوهێنانی هێزی پێشمەرگە و فەرماندەیی ئەو هێزە تەنها و تەنها بۆ بە هەڵەدا بردنی جەماوەری گەلی كوردستانە ، وە بۆ ئەوەیە تا دەرفەت بۆ هیچ كەس و لایەنێك نەهێڵنەوە خاڵی لاوازی ئەم حزبانە بقۆزێتەوە بۆ پێكهێنانی هێزی ئۆپۆزسیۆن ، بەم شێوەیە ئەو دوو حزبە ئەیانەوێت سیاسەتێكی تری مەترسیدار بەرێوەببەن : لە یەك كاتدا دەسەڵاتداربن و لە یەك كاتدا ئۆپۆزسیۆن بن .

ئەوەی لە كۆتاییدا بە لامەوە گرنگە ئاماژەی پێبكەم و مایەی نیگەرانیە ، ئەوەیە كە زۆربەی تاكەكلنی گەلی كوردستان دەستووری ئێراقیان نەدیوە ، یان ئەوانەی دیویانە نەیانخوێندۆتەوە ، یان ئەوانەی ئەیخوێننەوە و لێی تێناگەن ، ئەوانەشی ئەیخوێننەوە و لێی تێ ئەگەن قسەناكەن و لە بەرامبەر ئەو هەموو هەڵوێست و بڕیارە نادەستووری چەواشەكاریانەی دەسەڵاتدارانی باشووری كوردستاندا چاویان نووقاندووە و دەمیان داخستووە ، ئەگینا ئەگەر وا نەبوایە لە 7-1 تا ئێستە یەكێك بە نموونە ( ئەندام پەرلەمانێكی كوردستان ) ئەیوت : هێزی پێشمەرگەی كوردستان و دەستووری هەمیشەیی ئێراق كوجا مەرحەبا !!.

*كوجا مەرحەبا : لە كوردەواریدا بۆ دوو بابەتی دوور لە یەك و نەگونجا و بە كاردێت .

*مەلیك ماوە : لە سلێمانی لە بەرامبەر ئەو كەسانە بەكاردێت ئاگایان لە گۆڕانكاریەكان نیە .